# یەكێتی میدیای ئەلكترۆنی كوردستان و چەند سەرنجێك

**هەورامان علی تۆفیق .. ئەلمانیا**
Berzi-san@web.de

**میدیا ئەلکترۆنیەکانی دونیا و سەردەمی ئەمرۆیی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیاو زانستە ئەلکترۆنیەکان بەشێوەیەک لەبرەو تەشەنەکردن دان و بەوشێوە خێراییەی کە دەی بینین واتە فکری مرۆڤ بەتایبەت ئەوانەی لەهەوڵی فێربوون و قاڵ بووندان بۆ زیاتر وەرگرتنی زانست و زانیاری یان ئەوانەی کار لەڕێگای ئەم میدیایەوە دەکەن و ئەوانەشی بۆ ئارەزووەکانی خۆیان و کات بەسەربردن بەکاری دێنن توانای ئەوەیان نیە لەگەڵ خێرایی ئەو پێشکەوتن و داهێنانەدا هەنگاو بنێن , ڕەنگە ئەم شێوازە کارەو لە چاوو وولاتانی ڕۆژئاوادا پێگەی ئێمەو دیارنیە و پێویستی بەکارو ماندووبوونی زۆر هەیە بەجۆرێک لە تەنها سوچێکی بجووکیەوە ئەگەر دەرکەوین . کەواتە بەدواچوون گەڕان لەڕێگای زانا و پسپۆڕانی شارەزاوە تا بتوانین نەوەکانی داهاتوو بەشێوەیەکی زانستی پەروەردەبکەن و ڕۆشنبیریان بکەن . چونکە میدیاو ڕاگەیاندەنەکان نەک تەنها ئێمەی کورد بەڵکو زۆر ناەچەکانی دەوروبەریشمان لە گۆمێکی مەنگ خواردوودا پەنگی خواردووە و کۆمەڵێک پرەنسیپی دووبارەوەبوون . بۆ یە گرنگە لەو تەوقە خۆمان میدیاکان ڕزگاربکەین و دەرگایەکی کراوە و ڕاست و خێرا و پڕلەزانست و زانیاری بۆ ئەوانە دابین بکەین کە هەمیشە لەم ڕێگایەوە ئەوەی دیانەوێ بەردەستیان بکەوێ و دەرگایەکی فێرکاری و زانیاری بەخشین بۆ کۆمەڵگای کوردەواری ..**

**کارێکی لەم چەشنەو هەنگاوێکی وەها بەکارێکی گەورەو پیرۆزی دەزانم و پێویستە هاوکاری و دەستی یارمەتی بۆ درێژبکرێت و ئەوانەی لەم بوارانەدا پسپۆڕن توانا و شارەزایی خۆیان بۆ بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان بخەبەپێش .. وەک سەرنجێک لە سەر میدیا کوردیەکان بەواتایەکی دەی میدیا حزبیەکان . ئەوەی لای ئێمە لەمەیداندابێت و دیارو بەرچاو بێت میدیا حزبیەکانن و لەم دوایانەش دا هەندێک بۆ سەربەخۆیی بوونی میادرا بەڵام بڕوام وایە هێشتا ئەو ئازادی سەربەخۆییە ماویەتی چونکە گرفت لەوەدانیە دەزگایەک هەبێت و سەربەخۆبێت بەڵام گرفتەکان لە خودی ڕۆشنبیرو نووسەران و خاوەن فکرەکاندان کە هەریەکەیان فکرو بۆچوون و لایەنگری و واپەستەگی بەلایەکدایەو ئەو ئازادی و سەربەخۆییە لەدەست دەدرێت .. کاتێک ئەو بانگەوازەی ئەم میدیایەم بۆ ئەندامانی خۆیی بە بانگهێشت کردنیان بۆ بەستنی گۆنگرەی یەکێتیەکەیان .. دواتر کە چاووم بە سایتی ( http://www.ymek.org ) کە دەبێتە سایتی ئەلکیرۆنی کاتی ئەم یەکێتیە و هەندێ لە بڕگەکانی نێو سایتەکەم کردوە بەڕاستی زۆر شت سەرنجیان ڕاکێشام لەوانە شێوەی سایتەکە ئەگەر یەکێتیەکی میدایی ئەلکترۆنی کوردستانی کە ناوێک زۆر گەورەیە و پێویستە لەئاست ئەو ناوەدابێت بەڵام سایتەکە زۆر لاوازو پر لەکەم و کوڕی و سادەو ساکار هیچ زانستێکی میدیای ئالکترۆنی پێوە دیار نەبوو . لەوانە بۆ وەڵامی ئەم سەرنجەم بڵێن ئێمە لە سەرەتا داین و سایتەکەمان کاتیەو ساوایە و خەریکی کۆنگرەین و دوای کۆنگرە گۆڕانکاری دەکرێت . یەکەم جار نامەوێ سەرنجەکانم بەشێوەیەکی ڕوخێنەرانە وەربگیرێن بەڵکو پێش وەخت خوازیارم سەرکەوتووبن و ئەو سەرنجانەشم تەنها بۆ بەرەوپێش بردنی لەم شێوە هەنگاوانەیە ...**

**تەکنەلۆژیاو کاری میدیای لە دونیا ئەمڕۆدا لەهەر پێگەیەکی وولاتانی پێشکەوتوو ئەو کاتەی سەرەتایە و یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونی بەهێزترە لە ڕۆژانی داهاتووی واتە کە تۆ بانگەوازت بۆ ئەندامانی خۆت کرد ئەوەت سەلماند کە بوونت هەیە و کارت بۆ کردووە بۆ پێویستە بەشێوەیەکی ئامادەکارو و تەوابوو لەسەرجەم بڕگەکاندا و ئەو تەلنەلۆژیایەی کە لە سایتەکانی دیدا نیە دەبێ لەبەردەست دابێ سەندیکایەک**

بەو شێوەیە بێتە ئاراوە دەبێ پێشڕەو پێشکەوتوو ترو زانستیانە تربێت . ئەمە بەشێوەیەکی کورد لەسەر ماڵپەڕەکە بەڕاستی دەبێ زۆر بەوریایەوە کاری تێدا بکرێت و بتوانرێ بگرێتە سەنتەرێکی سەرەکی بۆ بەخشینی زانیاری و زانستی تەلنەلۆژیای ئەلکترۆنی لە ڕوی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هونەری ئەدەبیەوە ..

لەلایەکی ترەوە ئێوە پێگەیەکی ئەلکترۆنین دەبێ ئەو شێوازە ڕۆتینیە پەیوەندیانەی لەدەزگا تەقلیدیەکاندا هەیە لای ئێوە نەبێت واتە بەشێوە کاری ئەلکترۆنی پەیوەندیەکانتان ئەنجام بدرێن و بوون بەئەندام و کارکردن لەم ڕێگایەوە بێت نەک فۆڕم پڕکردنەوە و بەدەستی گەیاندنی یان ناردنی .

لەلایەکی دی ئەو ڕەشنووسەی پەیڕەوی ناوخۆم بەرچاو کەوت دوای خوێندنەوەی بەڕاستی وام هەست دەکرد پەیڕەوێکی ناوخۆیی حزبی یان ڕێکخراوێکی جەماوەری سەربەحزبەکان دەخوێنمەوە . بەشێوەیە کە ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە لەسەر ڕۆشنایی پەیڕەوێکی تری ڕێکخراوەیی داڕێژرابێتەوە . وەک وەتم کارێکی لەم چەشنە پێویستە بابەتی تازەگەری شێوازی مۆدێرن و سەردەمیانە دوور لەو چوار چێوە حزبیانە.. لێرەدا نامەوێ لەتەوای ئەو خاڵانە بدوێم چونکە ئەوە کاتی زۆری دەوێ و زۆر خاڵ و بڕگەی سەیری تێدا دوور لە کاری میدیای و ئەلکترۆنی و زانستە سەردەمیەکانی ئەمڕۆی میدیای جیهانی ..

ئێمەی کورد پێویستمان بە وەرچەرخانێکی ڕۆشنبیری زانستی نوێکار هەیە تا بنەما و کۆڵەکە کاریگەریەکانمان پێیان پتەو بکەین و ئەوکات کاریان لەسەربکرێت .. لێرە هیوادارم ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتووبێت و ئەوەی ڕۆشنبیری کورد میدیاکاری کورد چاوەڕوانیەتی بەدی بێت و دونیایەکی فراوان و ئاسمانێکی بەرواڵا بکرێتەوە کە ئێمەو ئەو خوێنەرو خۆێنکاروکەسانە لەم مینبەرەوە بەدوای زانیاری و زانست و بابەتە فێرکاری تەلنەلۆژیای سەردەمدا بگەڕێن ..